# هەڵکشانی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران بە زەنگێکی مەترسیدار دادەنرێت

بەپێی ئامارێکی فەرمیی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ڕابردوودا (٢٠١٨) لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە نۆ هەزار (٩٠٠٠) حاڵەتی جیابوونەوەی هاوسەران تۆمار کراوە. ئەوە جگە لەو ڕێژەی کە هەندێ لە هاوسەران لە دەرەوەی دادگاکان پەنای بۆ دەبەن و لە یەکتر جیا دەبنەوە. لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا تێکچوونی شیرازەی خێزانی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران، بە زەنگێکی مەترسیدار دادەنرێت، لەبەر ئەوەی قوربانییەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە و منداڵانیش لەو بوارەدا پشکی شێریان بەردەکەوێت و باجی سەرەکیی ئەو بەسەرهاتەی دایك و باوکیان دەدەن، کۆمەڵناس و دەروونناسانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو منداڵانەی یەك سەرپەرشتیان هەیە، واتە ئەوانەی تەنیا باوك، یان دایکیان هەیە و لە سۆزی یەکێکیان بێبەش دەبن، بە زەحمەت کەسایەتییەکی بەهێزیان لێ دروست دەبێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە ڕاوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





بەپێی ئامارێکی فەرمیی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٨ نزیکەی ٤٠ هەزار پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دراون، زۆرترینی لە هەولێر بووە بە زیاتر لە ١٥ هەزار هاوسەرگیری، هاوکات ٩ هەزار و ١٠٢ لێکجیابوونەوە (تەڵاق) تۆمار کراون، کە کەمترینی لە دهۆك بووە بە هەزار و ٥٠٩ حاڵەتی جیابوونەوە، زۆرترینیشی لە سلێمانی بووە بە ٤ هەزار و ٨٥ حاڵەت، لە هەولێریش ٣ هەزار و ٥٩٨ حاڵەت رووی داوە. زۆربەی حاڵەتەکانی جیابوونەوەش لە نێو ئەو هاوژینانەدا بووە، کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا ٣٠ ساڵان بووە.

ئەوەی لە ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەری دەردەکەوێت ئەوەیە، لە هەرێمی کورستان زۆرترین رێگەپێدان بە ژنهێنانی دووەم لە ساڵی ٢٠١٨دا (٨٩) حاڵەت بووە، زۆرترینی لە سلێمانی بووە بە ٤٨ رێگەپێدان و کەمترینی لە دهۆك بووە بە پێنج حاڵەت و لە هەولێریش ٣٦ حاڵەتی ژنهێنانی دووەم هەبووە. ئەو ئامارە، ئەو حاڵەتانەی رێگەپێدان بە ژنهێنانی دووەم دەگرێتەوە، کە بە فەرمی لە دادگاکان تۆمار کراون، چونکە بەپێی بەدواداچوونەکان، بەشێکی زۆری ژنهێنانی دووەم لە دەرەوەی دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکرێن. بەپێی ئامارێکی حەوت ساڵی ئەنجومەنی دادوەری، لە ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٧ ئاماژە بە مارەبڕینی دەرەکییش کراوە، کە ٢٢ هەزار و ٨٧٣ حاڵەت بووە، واتە ئەو مارەبڕینانە لە دەرەوەی دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار کراون.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لە ساڵی ٢٠١٦دا ٣٢ هەزار و ٧٨٩ حاڵەتی هاوسەرگیریی هەبووە لە کوردستان، کە زۆرینەیان لە شاری هەولێر بووە، هاوکات ٦ هەزار و ٨٨٢ حاڵەتی جیابوونەوەش هەبووە، کە زۆرینەیان لە سلێمانی بووە.

کۆمەڵناس ئیبراهیم حاجی زەڵمی کە خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە کۆمەڵناسی، هێما بۆ ئەوە دەکات، »پرسی پێکەوەنانی خێزان و پێچەوانەکەشی کە تەڵاق و جیابوونەوەیە، پرسێکی ئینسانییە و تا سەر ئێسقان پەیوەندی تەواوی بە مرۆڤ و ژیان و بەردەوامیی نەوە و وەچەی مرۆڤ و هەروەها پەیوەندییە ژیانییەکانیەوە هەیە. ئەم پرسە نە شتێکە ئەمڕۆ هاتبێتەئارا و کۆمەڵگە بینیبێتی و نە سبەینێی کۆمەڵگەش بێبەش دەبێت لێی، بۆیە لە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان هەبووە و هەیە و بەردەوامیش دەبێت. چونکە مان و دوارۆژی کۆمەڵگەکان لەسەر ئەم پرسە بەندە. بەڵام پرسی زیادبوونی رێژەی جیابوونەوەی هاوسەران لە یەکتر، ئەمە بۆ خۆی ئەو گرفت و کێشەیەیە کە هەر کۆمەڵگەیەك دوچاری ببێت واتای وەستان و بچووکبوونەوەی دەبێت و دواجار وەك هەڕەشە لەسەر ئایندەی ئەو کۆمەڵگەیە دێتەهەژمار.» هاوکات دەڵێت: «زیادبوونی رێژەی تەڵاق و جیابوونەوەی هاوسەران لە یەکتر، کە من وەك مەترسییەکی گەورەی دەبینم، بۆ چەند هۆکار دەگەڕێتەوە کە لێرەدا سێ خاڵ وەك دیارترینیان دەخەمە بەرچاو. یەکەم: گۆڕانکاری لە بونیادو سترەکتۆری کۆمەڵایەتیی کوردەواری بەهۆی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە ماددییەی کە کۆمەڵگەکەی گرتووەتەوە، بەڵام لایەنی هزری و هوشیاریی تاکەکان هێشتا لە ئاست ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەدا نین. دووەم: زاڵبوونی بەها و شێوازی کەلتوور و سەبکەلتووری بیانی سا لە رێگەی راستەوخۆی، وەك تێکەڵاوبوون بێت لەگەڵ کەلتووری کوردی، یان ناڕاستەوخۆ لە رێگەی ئەم دراما بیانییانەوە بێت، بەتایبەتی تورکی کە سەردەکێشێت بۆ مامەڵەیەك کە لەگەڵ بەهای کوردەواری نایێتەوە و دواجار لێکترازان روودەدات. سێیەم: بە هۆی ئەو بەربڵاوی و فرە و بێ کۆنترۆڵیەی میدیا و سۆشیال میدیا کە ئەمڕۆ هەموو ماڵەکانی کوردەواری بڕیوە و تەنیوە. کە بە باوەڕی من جۆری گۆڕینی پەیوەندیەکانی و نەمانی کۆت و بەند لە دروستکردنی پەیوەندیە جۆربە جۆرەکاندا سازاندووە، کە بە هۆی ناهوشیاری و نەبوونی رۆشنبیرییەك و تێکئاڵانی بەها تەقلیدییەکان لە بوونی پەیوەندییەکاندا لەگەڵ ئەم جۆرە پەیوەندییانە، بێ متمانەیی لەنێو تاکەکاندا وەها دروست کردووە کە مشتومڕ و دواجار لێکترازان لەنێو تاکەکاندا بەتایبەتی خێزان دروست ببێت و سەرەنجام سەربکێشێت بۆ هەڵوەشانی خێزان.»

پارێزەری راوێژکار نەزیرە عەزیز، سەبارەت بە هەمان پرسیار دەڵێت: «کاتێك خوای گەورە زەوی دروست کرد و مرۆڤی لە باشترین و پێشکەوتووترین بوونەوەرەکانی لە رووی ژیرییەوە دروست کرد، خوای گەورە دە فەرمویێت: (ولقد خلقنا الانسان في احسن تقويم)، لەم ئایەتە پیرۆزەوە دەردەکەوێت کە جیاوازی لە بەینی رەگەزەکان لای خوای گەورە نییە و هەردوو رەگەزی بە باشترین شێوە خەلق کردووە، بێگومان کە جیاوازی نەبوو،

**لە ساڵی رابردوودا (٢٠١٨) لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە نۆ هەزار (٩٠٠٠) حاڵەتی جیابوونەوەی هاوسەران تۆمار کراوە**

**زۆربەی حاڵەتەکانی جیابوونەوەش لە نێو ئەو هاوژینانەدا بووە، کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا وەکوو ٣٠ ساڵان بووە**

**لە ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٧ ئاماژە بە مارەبڕینی دەرەکییش کراوە، کە ٢٢ هەزار و ٨٧٣ حاڵەت بووە، واتە ئەو مارەبڕینانە لە دەرەوەی دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار کراون**

**پرسی زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران لە یەکتر، ئەمە بۆ خۆی ئەو گرفت و کێشەیەیە کە هەر کۆمەڵگەیەک دوچاری ببێت واتای وەستان و بچووکبوونەوەی دەبێت و دواجار وەک هەڕەشە لەسەر ئایندەی ئەو کۆمەڵگەیە دێتەهەژمار**

**گۆڕانکاری لە بونیادو سترەکتۆری کۆمەڵایەتیی کوردەواری بەهۆی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە ماددییەی کە کۆمەڵگەکەی گرتووەتەوە، بەڵام لایەنی هزری و هوشیاریی تاکەکان هێشتا لە ئاست ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەدا نین**

مافیش یەکسانە بۆ هەردوو ڕەگەز و بۆ مانەوەی مرۆڤایەتیش، مرۆڤی بە دوو ڕەگەزی جیاواز دروست کردووە، کە ئافرەت و پیاوە، لێرەدا باسمان لە سەر کوردستانە و دەبینین لە کوردستان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا مرۆڤەکان بەرەو کرانەوەی زۆرتر دەبات، بەڵام ئەو کرانەوەیە دەبێت هوشیاریشی لەگەڵ بێت، بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی زۆربوونی کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی کە دواجار جیابوونەوە و تەڵاقی لێدەکەویتەوە، ئەمەش قەیرانی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، بەتایبەتی لە ڕووی پەروەردەیی و پێشێلکردنی مافی منداڵی لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش بۆ کۆمەڵگە بە قەیرانێکی گەورە دادەنرێت و زۆر جار ئەشکەنجەدانی قورسی بۆ منداڵ تیادایە، لەلایەن باوك و زڕدایکی کە مرۆڤ بە بیستنی دەتاسێ و سەرسام دەبێت.» سەبارەت بە هۆکاری زۆربوونی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەرانیش لە کوردستان چەن خاڵە دەستنیشان دەکات و دەڵێت:

١/ ئێمە لە کوردستانین و زۆرینەی دانیشتووانی کوردستان موسڵمانین و پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دەکەین و یاساکانمان لەسەر بنەمای ئایینی ئێسلام دەردەکرێن، ئەو ئایینەش زۆر ڕێنمایی تیایە بۆ ئەوەی هاوسەران تا کۆتایی پێکەوە بژین و لە یەکتر جیا نەبنەوە. لە ساڵانی پێشووتریش ڕێژەی تەڵاق زۆر کەمتر بوو لە ئێستا، چونکە لە ئێستادا ئافرەت زیاتر چاوکراوەن بە بەراورد لەگەڵ پێشوودا و هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ی باری کەسێتی و دەرکردنی یاسای ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١ توندوتیژی خێزانی ئەم یاسایانە مافی ئافرەتی زیاتر پاراستووە، بەڵام پیاوان لێرەدا مافیان لێ وەرگیراوەتەوە.


٢ / لە یاساکانی پێشوو پیاو مافی هێنانی ژنی دووەمی هەبوو، بەڵام لە یاسای هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ دا، شەش خاڵی داناوە بۆ پیاو وەك ڕێگریکردن لە هێنانی ژنی دووەم، ڕێگەپێدانی دادگاو جێبەجێکردنی ئەو شەش خاڵە زۆر جار ئاستەنگە لە بەردە م پیاوان، بۆ نموونە ئەگەر هاوسەری یەکەمی نەخۆش بێت، کە چاکبوونەوەی ئەستەم بێت و پیاوەکەش باری دارایی باش بێت کە بە یەکسانی هەردوو هاوسەری بەخێو بکات، پیاو دەبێت بەڵێن بدات لە بەردەم دادگا بۆ ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە لە نێوان هاوسەرەکانی، هەروەها ئەگەر بە بێ ڕەزامەندیی هاوسەری یەکەمی ژنی دووەمی هێنا، سزا دەدرێت بە گرتن کە لە شەش مانگ کە متر نەبێت و بە پێبژاردنی ١٠٠٠٠٠٠٠ملیۆن دینار، لەم کاتەدا پیاوان بۆیان قورسە کە ئەم خاڵانە جێبەجێ بکەن و تەڵاقدان زۆر ئاسانترە لایان، بۆیە پەنا دەبەنە بەر تەڵاق، تەڵاقیش بۆ ئافرەت زۆر قورس دەکەوێت لە سەری، بەڵام بۆ پیاو ئاسانترە و سزای قورسی تیا نییە.

٣ / یاسای توندوتیژی خێزانی کە یاسایەکی باشە لە ڕووی یاساییەوە، بەڵام لە ڕووی جێبەجێکردنەوە هەڵەیە، بۆ نموونە کاتێك ئافرەت سکاڵا دەکات کە توندوتیژی بەرامبەر کراوە، ڕاستەوخۆ پیاوەکە دەگیرێت و رادەگیرێت، واتە (توقیف) دەکرێت و جاری وا هەیە، پیاوەکە دوای چەندین ڕۆژ ئازاد دەکرێت، لەوانەشە ئامادە نەبێت جارێکی دیکە لەگەڵ هاوسەرەکەی بژی، واتە زۆر جار کێشەی کۆمەڵایەتی و تەڵاقی لێ دەکەوێتەوە، ئەگەر دوولایەنی ئەم کێشەیە هاوسەر بوون، چونکە کۆمەڵگەی کوردی ناتوانێت لای ئاسایی بێت، کە ئافرەتێك هاوسەرەکەی بە گرتن دابێت و دواتریش بگەڕێنەوە لای یەك و بە ئاشتەوایی بژین، بۆیە بە جیابوونەوە کۆتایی دێت.

٤ / بە هەڵە بەکارهێنانی تەکنۆلوجیا کە زۆر جار هاوسەرەکانی ڕووبەڕووی جیابوونە و تەڵاق کردۆتەوە، بەهۆی هەڵە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بابەتەکانی کە زۆر جار هەندێك لە هاوسەران بە ئازادی دەزانن کە لەگەڵ کەسانی دیکە پەیوەندییان هەبێت، کە ئەمەش بە دڵنیاییەوە بە هۆی ناڕۆشنبیری کەسەکەیە و ناکرێت سنووری پیرۆزی خیزان بەناوی ئازادی ببەزێندرێت.

٥ / کرانەوەی خێرای کوردستان وای کردووە کە جیابوونەوە ئاسایی بێت، چونکە لە ساڵەکانی کۆندا جیابوونەوە بۆ پیاو و بۆ ئافرەت بە عەیبە دادەنرا و هەر لە بەر ئەوەش هاوسەران زیاتر پابەند دەبوون بە پاراستنی خێزان و ژیانی هاوسەرایەتییان، بەڵام ئێستا ئەوە تا ڕاددەیەك گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

٦/ ئەو کچ و کوڕانەی لە تەمەنێکی بچووك هاوسەرگیری دەکەن، ئاستی فکر و ڕۆشنبیرییان لەو ئاستەدا نییە کە بتوانن ئەرکەکانی هاوسەرداری و خێزانداری بپارێزن، بۆیە ئەگەری جیابوونەوەیان زۆر دەبێت، منداڵی ئەوانەش زۆرترین زیانیان پێ



دەگات، کە دایك و باوکی تەمەن بچوکیان هەیە و هێشتا خۆیان پێویستییان بە پەروەردەکردن هەیە، جا چۆن دەتوانن بە دروستی منداڵ پەروەردە و بەخێو بکەن، زۆربەی ئەم هاوسەرگیرییانە زۆر زوو هەڵدەوەشێنەوە و تەڵاق بەرهەم دێنن. وەك ئامارێك زانیاریی تەواوم نییە کە ریژەی تەڵاق لە ئێستادا چەندە، بەڵام بە دڵنیاییەوە بە رێژەی چەند بەرامبەرە ئەگەر لەگەڵ ساڵانی پێشوو بەراوردی بکەین.»

ئەو پارێزەرە لە کۆتایی قسەکانیدا پێشنیار دەکات: «بۆ پاراستنی کۆمەڵگەی کوردستان پێویستە رێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومی لە رێگەی کەسانی پسپۆڕی دەروونی و کۆمەڵناسانی شارەزا و لێزان لە بوارەکانی پاراستنی خێزان، خولی رۆشنبیریی خێزانی بکەنەوە بۆ کچان و کوڕان پێش پرۆسەی هاوسەرگیرییان، هەروەها پێویستە کەسانی پسپۆڕی پەروەردەیی رێنمایی و زانیاری بە ئافرەتان ببەخشن، پێش پرۆسەی هاوسەرگیری و بوونیان بە دایك، هەتا بتوانن خۆیان بۆ دایکایەتیکردن ئامادە بکەن. واتە کچان و کوڕان کاتێك کە گرێبەستی هاوسەری دەردەکەن، چۆن پشکنینی نەخۆشی دەکەن، پێویستە بڕوانامەی ئەو خولە پەروەردەیی و رۆشنبیرییانەش بهێننەوە بۆ دادگا، ئەو کات گرێبەستەکەیان بۆ تەواو بکرێت. هەروەها بۆ یاساکانی باری کەسێتی دەبێت هاوسەنگیی تەواو هەبێت لە یاساکە، بۆ هە ر دوو رە گەز، چونکە هەر ناهاوسەنگییەك کێشەی لێ دەکەوێتەوە بۆ خێزان، هەڵوەشانەوەی هەر خێزانێکیش کەلێنێك دەخاتە نێو کۆمەڵگە و ئەگەر منداڵیشیان هەبێت، ئەمە نەك کەلێنە، بەڵکو نەگبەتییە بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی، باشترین چارەسەر ئەوەیە کە حکومەت پلانی تۆکمەی بۆ پاراستنی خێزان هەبێت و کەسانی زۆر پسپۆڕ ئەم پلانە جێبەجێ بکەن، هەتا کۆمەڵگەی تەندروستمان هەبێت.»

محەمەد گۆمەشینی توێژەری کۆمەڵایەتی و گوتەبێژی دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ، سەبارت بەم تەوەری راپۆرتەکەی گوڵان دەڵێت: «دەستخۆشیتان لێدەکەم بۆ ورووژاندنی ئەو بابەتە گرنگە، لەبەر ئەوەی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگە لە خێزانەکانەوە دەست پێدەکات، دەکرێ دەزگاکانی راگەیاندن، رۆژنامەنووسان، توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و لایەنە پەیوەندیدارەکان وا بکەن حکومەت بە پلانێکی تۆکمە هەڵوەستە لەسەر ئەو بابەتانە بکات.»، گوتیشی: «بەرزبوونەوەی رێژەی جیابوونەوە ئاماژەیەکی مەترسیدارە و پێویستی بە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە هەیە، چونکە بابەتێکە پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی، لەبەرئەوەی هەر کاتێك ئاسایشی خێزان و تاك رووبەڕووی مەترسی ببێتەوە، راستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە و وڵات دەبێت.»

ئەو توێژەرە کۆمەڵناسە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر هۆکارەکان نەدۆزرێنەوە، ناتوانرێت چارەسەر بۆ ئاریشە و گرفتەکانیش بدۆزرێتەوە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بەداخەوە لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا کوردستان بە قەیرانێکی سەختی ئابووری تێپەڕی و ئەوەش چەندان خێزانی لێك هەڵوەشاندنەوە، هاوکات تەکنەلۆژیا هۆکارێکی دیکەیە بۆ بەستنی پەیوەندی بەئاسانی و پەیوەندی پیاوی خێزاندار و ئافرەتان کە بە خیانەتی هاوسەری ناسراوە و ئەوەیان زۆر زۆر بووە، لەلایەکی دیکەوە هاتنی بە لێشاوی ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان هۆکارێکەو هەر ئەو کاتیش گوتم: ئەگەر تێکەڵاویی ئەم خەڵکە لە رووی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە سنوورێکی بۆ دانەندرێت، لەداهاتوودا کاریگەری نەرێنی دەبێت، هەروەها هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی بیانی نموونەی عەرەبی عێراقی و سووری و ئێرانی لە دەرەوەی دادگاکان زۆر بووە، ئەوەش جیابوونەوەی هاوسەری پێشوو بە دوای خۆیدا دەهێنێت.» گوتیشی: «هۆکارەکانی گەیاندن و هێنانی کرێکاری بیانی بێ فلتەر ئەنجام دەدرێت، ئەوەی کە فەرامۆش کراوە، پرسی ئاسایشی تاکە لە هەرێمی کوردستان، پێویستە چاودێریی ورد بخرێتە سەر ئەو پاڵنەرانەی کە باسمان کرد، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن ماMۆستایانی ئایینی و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی هاوکار بن، هەروەها کۆنترۆڵی ئەو بەرنامە و درامایانە بکرێت کە لە کلتووری کوردەواری دوورن.

**زۆرینەی دانیشتووانی کوردستان موسڵمانین و پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دەکەین و یاساکانمان لە سەر بنەمای ئایینی ئێسلام دەردەکرێن، ئەو ئایینەش زۆر رێنمایی تیایە بۆ ئەوەی هاوسەران تا کۆتایی پێکەوە بژین و لە یەکتر جیا نەبنەوە**

**کۆمەڵگەی کوردی ناتوانێت لای ئاسایی بێت، کە ئافرەتێک هاوسەرەکەی بە گرتن دابێت و دواتریش بگەڕێنەوە لای یەک و بە ئاشتەوایی بژین، بۆیە بە جیابوونەوە کۆتایی دێت**





# خانمان بڕیاری هەڵگرتنی پاشەکەوتی مووچە بەرز دەنرخێنن

**قەیرانی دارایی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بە گەورەترین قەیران و ئاریشە دادەنرێت، لە بەر ئەوەی کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر گشت جومگەکانی کۆمەڵگە دەبێت، بەڵام هەرێمی کوردستان لە سایەی خۆڕاگریی میللەت و سیاسەتی درووستی دەوڵەتمەدارەکەی، بە سەر قورسترین قەیرانی داراییدا زاڵ بوو، کە سەرەڕای داڵدەدانی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، هاوکات بەغدا بە پیلانێکی بەرنامە بۆدارێژدراو بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستانی بڕی و تەنانەت هێزی سەربازیشی لە دژی ئەو هەرێمەبەکار هێنا. لە ئێستادا هاووڵاتیان بەو مزگێنییەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتنی پاشەکەوتی مووچە زۆر دڵخۆشن و خانمانی کوردستانیش بەتایبەتی بڕیاری هەڵگرتنی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەرو مووچەخۆرانی هەرێم بەرز دەنرخێنن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

پاش ئەوەی لە شوباتی ٢٠١٦، بەهۆی قەیرانی داراییەوە، بڕیاری پاشەکەوتی مووچە درا، ڕۆژی ٨ی ٣ی ٢٠١٩ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بڕیاری هەڵگرتنی سیستەمی پاشەکەوتی مووچەی دەرکرد. نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەییدا ڕایگەیاند: لەم مانگەوە مووچە بەبێ پاشەکەوت دابەش دەکرێت. هاوکات سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ خۆڕاگریی گەل دەربڕی.

ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێم هەموو فەرمانبەرانی کوردستانی دڵخۆش کرد، بەتایبەتی ئافرەتان کە خەمی گەورەیان پەروەردەی منداڵ و دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزانە، هەر لەو بارەیەوە زەینەب شوانی، کارگێڕی لقی کەرکووکی (ی.ق.ك) تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «پارتی دیموکراتی کوردستان لە مێژووی خەباتی خۆیدا هەمیشە هەڵگری پەیامی خەمخۆری و دڵسۆزی بووە بۆ نەتەوەی کورد و تێکۆشاوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی کوردستان دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکان، بە پێی قۆناغ و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی هەنگاوی هەڵهێناوە، هەر بۆیە کاتێك پارتی لەسەر پرسە گشتییەکان هەڵوێست وەردەگرێ دۆست و

دوژمن باش لەوە گەیشتوون کە پارتی خاوەن بڕیار و هەڵوێستی خۆیەتی و لە هەنگاونان بۆ هەر پرسێك پاشەکشە و پاشگەزبوونەوە لە پارتی بەدی ناکەن، چونکە هەموو بڕیارەکان بە دراسەتکردن و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی واقیعی دۆخەکە دەدرێن. تا ئێستاش رۆڵ و پێگەی بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر راگرتنی پێگەی حکومەت، لە کاتێکدا حکومەتێکی بنکەفراوان بووەو زۆربەی حزبەکان پێیەکیان لە نێو حکومەت و پێیەکیان لە نێو ئۆپۆزسیۆن بووە و هەوڵی لاوازکردنی حکومەتیان داوە و پشتیان لە حکومەت و خەڵکیش کرد، کاتێك زانییان باری قورسی سەرشانی حکومەت هێندە قورسە، نەیانتوانی رووبەڕووی بەرپرسیاریەتی نیشتمانی ببنەوە و شان بدەنە بەر ئەو بارە قورسەی بە هۆی خیانەتی هەندێك کەس و لایەن بودجەی حکومەت لەلایەن شۆڤینییەکانەوە بڕا و خەڵك و تەواوی مووچەخۆرانیان لە مافی رەوای خۆیان بێبەش کرد، لە کاتێکدا تیرۆریستانی داعش پەلاماری خەڵك و خاکی کوردستانیان دەدا، حزبە بەناو شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکانیش خەڵکیان هان دەدا، بێنە سەر شەقام و داوای رووخاندنی حکومەتیان دەکرد، سەرەڕای هەموو کێشەکان و قەیرانی دارایی و بەربەستەکان کاروانی ئاوەدانی لەسەر دەستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەردەوام بوو، کوردستان پێی نایە قۆناغی گەشانەوە و بووژاندنەوەی ژێرخانی و هەر لەسەر دەستی بەڕێزیان توانرا لە دوای ڕیفراندۆم ئاستەنگەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و ئەو گەلەکۆمەکییەی کرایە سەری کە ئەرز و ئاسمان لە کوردستان داخرا، هەموو بەربەستەکانی یەك لە دوای یەك شکاند و بەسەریاندا پەڕییەوە بۆ کەناری بەهێزبوونەوەی کورد و کوردستان، ئێستاش بە خۆشحاڵییەوە پاشەکەوتی مووچە نەما و ژیانی هاووڵاتیان و مووچەخۆران لە ژێر سێبەری دەوڵەتمەداری خۆیاندا دەبووژێتەوە».

سندس حسێن بەرپرسی ئۆفیسی هەڵەبجەی دەزگای خێرخوازی پێشمەرگە، لەمبارەیەوە بۆ گوڵان گوتی: ئەگەرچی بڕینی بودجەی هەرێم یەکێك بوو لە پیلانگێڕیە قێزەونەکانی دیکەی دوژمنانی گەلەکەمان، لەپای داواکارییەکی یاسایی خۆمان کە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بوو بۆ سەر بەخۆیی کوردستان، ژەهری تووڕەییان بە بوونی خیانەتێکی ناوخۆییەوە ڕشت، حکومەتی کوردی ناچارکرد کە بەرنامەی پاشەکەوتی مووچە ڕابگەیەنێ و باجەکەشی لەسەر خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان زۆر قورس بوو، بەڵام سوپاس بۆ خوداو لێهاتوویی سەرکردە دڵسۆزەکانمان کە بە پلانێکی حەکیمانە توانرا ئەم دۆخە تێ بپەڕێنرێت.

جەختیش لەوە دەکاتەوە کە: دیپلۆماتکارێکی وەك (نێچیرڤان بارزانی ) لەکەمترین کاتدا ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی هەبوو لەئاسایی کردنەوەی دۆخەکەدا و توانی کێشەکانی هەرێم و بەغدا بەگرتنەبەری ڕێکاری یاسایی یەکلا کاتەوە وچۆکی دانەدا تا لادانی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەرانی کردە دواین دەستکەوت.

سندس حسێن لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە: جێگەی خۆشحاڵییە بۆ ئێمەی ئافرەتان لە ٨ی مارس کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی جیهانی ئافرەتان، وەك زەنگێك و مژدە بەخشینێك بوو بۆ ئێمەی ئافرەتان، چونکە هەمیشە لەکاتی بوونی قەیرانەکاندا ئافرەتان زۆرترین قورسایی و تەنگەژە داراییەکان لە بەڕێوە چوونی ژیانی ڕۆژانەو دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵیدا کاریگەری نەرێنی دەبێت، بۆیە بڕیارەکەی دووجار جێگەی دەستخۆشی و ستایشە.

پەیمان تەها ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لابردنی پاشەکەوتی مووچە بەرهەمی سیاسەتی حەکیمانەی جەنابی سەرۆك بارزانی و دیپلۆماسیەتی بەرزی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بووە و خەڵکیش لادانی ئەو پاشەکەوتە بە بەرهەمی یەکێك لە دەستکەوتەکانی سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا دەزانن، ئەو شانازییەش تەنیا بۆ ئەوانە دەگەڕێتەوە کە خۆڕاگر بوون و بەرگریان لە قەوارەی دەستوری هەرێمی کوردستان کرد و گەلەکۆمە و ئابڵوقەکانیان شکاند و نەیانهێشت کوردستان بکەوێتە ژێر دەستی دوژمن. ئەوانیتر، جگە لەوەی پێشتر بەشێکی پیلانی ئابلوقەدان و بودجە بڕین بوون، دەشیانویست کوردستان بکەوێ و قەوارە دەستوورییەکەشی هەڵبوەشێتەوە و نەمێنێت، تا لە شوێنیدا حکومەتێکی ئینقازی کارتۆنی دروست بکەن. ئەو دەستکەوت و شانازییانە تەنیا پارتی خاوەنیەتی، ئەوە پارتی بوو کوردستانی پاراست، لەو دۆخە ناهەموارەی رابردوو دەربازی کرد».

تەلار کاکی کارگێڕی ناوچە لە لیژنەی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە نەهێشتنی پاشەکەوتی مووچە هەموو هاووڵاتیانی دڵخۆش کردووە، چونکە باشبوونی مووچەی فەرمانبەران بازاڕیش دەجووڵێنێت و سوودی بۆ هەموو کۆمەڵگە هەیە، هاوکات دەڵێت: «وەکو ئافرەتێك بە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمسی پاشەکەوتی مووچە دڵخۆشم و ئەو بڕیارە گرنگەی حکومەتی هەرێم زۆر بەرز دەنرخێنم، کە بەرهەمی رەنج و ماندووبوونی جەنابی سەرۆك بارزانی و جەنابی نێچیرڤان بارزانی بوو، لە هەمووی گرنگتر لە رۆژێکی گرنگ و مێژوویی بوو کە رۆژی جیهان ئافرەتانی بوو، ئەو کارە مەزنانە سەلمێنەری ئەوەن کە هەمیشە پارتی ریزێکی تایبەتی بۆ ئافرەت و خەبات و تێکۆشانی ئافرەت داناوە، لە هەمان کاتیشدا قوربانیدەر و خەمخۆری میلەتەکەی بووە، پارتی لە هەر هەنگاوێکیدا دوارۆژ و ئاییندەی هاووڵاتییانی لەبەرچاو گرتووە.

**جێگەی خۆشحاڵییە بۆ ئێمەی ئافرەتان لە ٨ی مارس کە هاوکات بوو لەگەڵ رۆژی جیهانی ئافرەتان، وەک زەنگێک و مژدە بەخشینێک بوو بۆ ئێمەی ئافرەتان**

**دۆست و دوژمن باش لەوە گەیشتوون کە پارتی خاوەن بڕیار و هەڵوێستی خۆیەتی و لە هەنگاونان بۆ هەر پرسێک پاشەکشە و پاشگەزبوونەوە لە پارتی بەدی ناکەن**

**لە رۆژێکی گرنگ و مێژوویی وەک رۆژی جیهان ئافرەتانی ئەو بڕیارە گرنگە درا، ئەو کارە مەزنانە سەلمێنەری ئەوەن کە هەمیشە پارتی ریزێکی تایبەتی بۆ ئافرەت داناوە**